# ئەودەیووت:" دایکم فریشتەبوو بەسۆزانی کوشتیان"


## هەستیار غەمگین

Hastiar2006@yahoo.com




من نازانم تاچەندە ئەو قسەیە ڕاستە کەدەڵێن:هەرشارێك یان گەڕەکێك ئافرەتێکی سۆزانی تێدا بێت ئیتر خێرو خۆشی ئەو شارو گەرەکە دەبڕێتەوە, شەو تاکو بەیانی غەزەبی خودای بەسەردا دەبارێ.ئەشێ خەڵکی ئەو گەڕەکەش بەهەمان شێوە لەداکمیان ڕوانیبێت.؟! بەلاّم خۆدایکم سۆزانی نەبوو؟!ئەوماوەیەکی زۆربوو وازی هێنابوو. ئەی بۆچی خەڵکی بەو چەشنە تەماشایان دەکرد؟!.باپیرم و مامەکانم مامەڵەیەکی ناشیرینیان لەگەڵ دایکمدا دەکرد دەترسام بەلاّیەك بەسەردایکم بێنم,هەمیشە سەر زەنشتی باوکمیان دەکردو بەحیزە پیاو و گەواد ناوزەدیان دەکرد.بەلاّم باوکم گوێی بەقسەی ئەوان نەبوو, هەمیشە دەیووت:ئەوژنی منە ئەگەر حەیاش بچێت هی من ئەچێت نەك ئێوە,پاشان من بەڵێنم لەوئافرەتە وەرگرتووە کەدوای بەهاوسەر بوونی لەگەڵ مندا وازی لەهەموو پیشەیەکی نابەجێ هێناوە. باوکم لەسەردەمی لاویدا هەمیشە پێیەکی لەباکوری ولاّتبووە.سەردانی تێکڕای شارەکانی کردوە.زۆرگەنجێکی سەرەڕۆبووە,شەوانە ڕۆژی لە تیاترۆکاندا کردۆتەوە هەر شەوەو لەباوەشی ژنێکدا خەوتووە.پاپیرەم و مامە گەورەکانم زۆر هەوڵیان لەگەڵدا داوە تاکو ئەو کردەوانەی پێتەرك بکەن و بۆخۆی ژنێگ بێنێ,بەلاّم باوکم هیچ بەگوێی ئەوانی نەکردوە.تاکو شەوێك لەیەکێك لەتیاترۆکاندا دایکم دەبینێ ئیدی پەیوەندی لەگەڵدا دروست دەکات و بەڵێنی پێدەدات کەئەگەر بێتوو واز لەو پیشەیە بهێنێت باوکم لەوشوێنە دەری دێنێت, بۆیە دایکیشم بەڵێن بەباکم دەدات کەواز لەو کردەوە یە بهێنێ گەرئەو بیخوازێت.ئیتر دایکم لەو کاتەوە بۆهەتا هەتایە جگە لەباوکم لەباوەشی هیچ پیاوێکی تردا نەخەوتووە.بەلاّم خۆناحەزو ناموس پەرستەکان هیچ کاتێك وازناهێنێ مرۆڤەکان بەئاسوودەیی ژیانی خۆیان بگوزەرێنن.دوای ئەوەی هەواڵی ئەوە بلاّو دەبێتەوە کەباوکم ژنێکی هێناوە پێشتر سۆزانی بووە ئیتر بەیەکجاری سیمای لەبەر چاوی خەڵکی ناشیرین بووە.کەلەپێش هەمواندا باپیرەم و مامەکانم کەپێیان ووتبوو گەر لەماوەیەکی کەمدا وازی لێنەهێنی بۆهەتا بەنەفرەتت دەکەین و ناهێلین بەبێدەنگی درێژە بەژیان بدەی.بەلاّم ئەو هیچ گوێی بەقسەکانی ئەوان نەدابوو.ووتبووی من کچێکم هێناوە لەگوڵ پاکترە بۆیە بێهۆ هیچی لێناکەم ئێوەش هەرکارێك لەدەستتان دێت قسوری مەکەن.باوکم شۆفێری یەکێ لەفەرمانگە حکومیەکان بوو,دایکیشمی لەهەمان فەرمانگەدا دامەزاندبوو..بەلاّم هەمیشە لەخەڵکی ئەو گەڕەکە دەترساکەلێی نیشتەجێبووین بەتایبەتی گەنجە کەپت و برسیەکانی.من تەمەنم حەوت ساڵان بوو هێشتا نەخرابوومە بەر خوێندن.دایکم ئەیووت تاکو ماڵمان لەم گەڕەکەو لەم شارە نەفرەتیەدا بێت,تۆبەکەڵکی قوتابخانە نایەیەت.ئەمە گەڕەك نیە کەرخانەیە,دایکم هەردەم لەوگەڕەکە بێوازبوو, چونکە هەمیشە لەلایەن گەنجە نەفز نزمەکانی گەڕەکەوە دەدرایە بەر تانەو تەشەری جۆراو جۆر.ئەو کەسانەی کەڕۆژ هەتاکوئێوارە وەکو سەگێك لەژنێك دەپاڕێنەوە تاکو شەوێك لەگەڵیدا بخەوێت کەچی دوای ئەوەی ڕۆژبۆوە لەباتی سوپاسی ئەو ژنە بکات کەشەوێك ئەوی حەواندۆتەوە,دەڵێ لەگەڵ قەحبەیەکدا ئەمشەوم ڕۆژکردەوە!

بەلاّم دایکم وەکو سەگێك لەهەموو ئەو کەسانەی دەڕوانی کەبەوجۆرە تانەو تەشەرانە بێوازیان دەکرد.شەو هەبوو دایکم تاکو بەیانی نەدەخەوت,هەردەگریا,زۆرجار من لەگریانی دایکم بەخەبەر دەهاتم.کەلێم دەپرسی دایەبۆچی دەگری؟ دەیووت هیچ نیە کەمێك بێتاقەتم.بەلاّم دەیویست مەسەلەکە لەمن وەشارێ, ئەو شەوانەی کەتاکو درەنگانێکی شەو دەگریا,هی ئەوەبوو کەئەو ڕۆژە لەلایەن چەندکەسێکەوە هەستی بریندار کراوە و داوای کاری ناڕەوای لێکراوە.ئەوشەوانەی کەباوکم لەماڵ نەدەبوو دایکم هەر لەئێوارەوە دەرگای حەوشەکەی کڵۆم ئەداو ئیدی دەرگای لەهیچ کەسێك نەدەکردەوە.نەیدەهێشت منیش بچمەدەرەوە ئەیووت مەچۆرە دەرەوە باتووشی نەخۆشی نەبی؟!بەلاّم لەبەر ئەوە نەبوو کە تووشی نەخۆشی نەبم.بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کەمنداڵانی گەڕەك پێیان دەوتم کوڕی ژنە سۆزانیەکە!دایکی قەحبەبووە ئێستاش لێرە خۆیمان لێدەکات بەفریشتە!!دەیان ووت:ئێمە یاری لەگەڵ کەسێکدا ناکەین کەدایکی بەپارەی خەوتن لەگەڵ پیاواندا بەخێوی بکات؟!باشە ئەو کەسەقەحبەو سۆزانی و بێئەخلاقەکەئەم جۆرە ئوسلوبە فێری منداڵەکانی دەکات یان ئەوانەی جگەلەوەی کەپێیان دەوترێ سۆزانی و هیچ زیانێکیان بۆدەوروبەرنیەو هیچ کاتێکیش شعوری کەسیان بریندارنەکردووە؟بەلاّم توخودا ویژدانتان ئاسودەبکەن!. دەبوو هەرئەو کات بمزانیبا کەهەمیشە شتێك هەیە من و ئەوان لەیەکتری جودا دەکاتەوە! ئەوان کوڕی دایك و باوکێکی بەشەرەف و داوێن پاك,منیش بەقسەی ئەوان کوڕی ژنێکی سۆزانی و پیاوێکی گەواد!!.ئیتر ئەمە وای لێدەکردم پڕبەهەموو دنیاهاوار بکەمە گەرووموەوو بەسەر یاندا بقیژێنم:د ا ی ك ی م ن فر ی ش ت ە ی ە!!).بەلاّم خۆ من منداڵ بووم کاتێ وایان پێدەوتم یەکسەر دەستم دەکردەگریان و بەرەو ماڵەوە دەگەڕامەوە,ئەگەر دایکم لەماڵ بوایە خۆم دەهاویشتە کۆشیەوەو دەستم بەگریان دەکرد.دایکم هەتا بۆی بکرابایە نەیدەهێشت بچمە دەرەوە. ئەو زۆر جار دەیوت:وەرەمەچۆرەدەرەوە من یاریت لەگەڵدا دەکەم,ئیتر واخۆی لەگەڵمدا دەگونجاند و سەرگەرمی وازی کردن دەبوو لەگەڵم,کە منداڵانی هاوتەمەنیشم ئەو ڕۆڵەیان بۆنەدەبینرا.من تاکولە یارییەکانمدا سەرگەرم نەبوومایە لەگەڵ دایکمدا, باش لێی ورد نەدەبوومەوە نەمدەزانی سیمای چۆنە؟ڕەنگی قژی شێوەی پێستی دەمووچاوی.دایکم دەمووچاوێکی گەنم ڕەنگ و ڕەنگی قژیشی زەردبوو,چاوەکانی سەوزێکی کاڵ بوون.ئێوارەیەکیان ئێمە لەگەرمەی یاری کردنە کانماندا بووین,ئێوارەیەك پێچەوانەی گشت ئێوارەکانی تر.باڵندەکان بەخێرای دەیان خوێند,دەیووت پێش بینی شتێکی ناکاویان کردووە,کەهەرواش دەرچوو.باپیرم و دوان لەمامەکانم بەخێرایی خۆیانکرد بەحەوشەکەداو پەلاماری دایکمیان داو بەشەق و قژ ڕاکێشان بردیانە دەرەوە,مامێکیانم کەهەرسیمای لەجەللادەکان دەچوو,شەقێکی لەسکی دایکم دا کەخوێن لەدەمیەوە هاتە دەرەوە. ئەوەتەی خودا ئەم گەردوونەی

دروستکردووە زوولمی وام نەبینیبو و نەبیستوو.گوێم لێبوو مامە ناموس پەرستەکەم دەیووت:ئەم قەحبەیە حەیاو ناموسی بردوین,دەبێ هەرچی زووە خۆی و ئەم زۆڵەی لەناوبەرین!تاکو براگەوادەکەمان نەگەڕاوەتەوە.من دەستم کردەگریان بۆدایکم کەبەو شێوە دڕندانەیە ڕەفتاریان لەگەڵداکرد.هەموو ئامڕازی یاریەکانم پەرش و بڵاو کرانەوە و بێناز کەوتن.ئەو ئامڕازانەی کەپێش کەمێك لەگەڵ دایکمدا یاریمان پێدەکردو جیهانێکی منالانەمان لێپێك هێنابوو. ئیتر لەو ئێوارەیەوە من سیمای دایکم بۆهەمیشە لێگوم بوو نەماڵئاوایەکی لێکردم و نەزەردەیەکی بۆکردم وەکو بەیانیان کاتێ دەچووبۆفەرمانگە بەزەردەخەنەیەك ماڵئاوایی لێدەکردم..باوکیشم ئیتر نەگەڕایەوە نەمزانی چی بەسەر هاتووە,دیارە ئەویش دوای ئەوەی کەبیستبووی داکمیان بێسەرو شوێنکردوە,ئیتر بۆهەمیشە سەری خۆی هەڵگرتبوو.بەڵام هەموو کێشەو گیرو گرفت و چەرمەسەریەکانی ژیان بۆمن مایەوە,چونکە هەرشەوەو لەماڵی مامێکمم و هەرشەوەولەکولانە سەگێکدا ڕۆژدەکەمەوە.چاوەڕێی ئەوەم یان ڕۆژێك منیش وەکو دایکم بێسەرو شوێن بکرێم و ئەم گەردوونە بۆپیاوە جەللادەکان جێبهێڵم .یان ئەوەی ژیان دەرفەتم بدات و گەورە ببم و تۆڵەی ئەودایکە فریشتەیەم لەتەواوی ئەوکەسانەبکەمەوە کەڕۆژێك لەڕۆژان منیان لەسۆزو خۆشەویستی ئەو دایکە میهرەبانەمکرد.چونکە پێموایە ئەم گەردونە جگەلەمرۆڤە خوێن مژەکان جێگای هیچ کەسێکی ترنابێتەوە.ئێستاماوەی چەند ساڵێکە من لەنازی دایکم بێبەشم,تەمەنێکی وام نیە ڕاست و چەپی خۆم بزانم هێشتا نەچومەتە خوێندن؟نازانم یاری و هاوڕێ چیە؟سیمای باکم لەیاد نەماوە کەمنی وابە بەد بەختی هێنایە دنیاوە,کەسێك دەستێکی هەتیوانە بەسەرمدا ناهێنێ,نەك لەبەر ئەوەی بەزەییان پێمدا نایەتەوە,بەڵکو لەبەر ئەوەی لەفەرهەنگی ئەواندا من زۆڵم و هیچ مافێکی ژیانم نیە.!بەهەرحاڵ ئەمە بەتەنیا چیرۆکی من نیە بەڵکو چیرۆکی تەواوی ئەو کۆمەڵگایەیە کەتێکڕای هاوژیانەکانی منی بەوچەشنەبردوە.ئاخۆ بەدەرلەمن چەند ین چیرۆکی تری لەم ژیانەی من حەزین ترو دەرون هەژێن ترهەبێت.بەڵام تێکڕای ئەو مەئەساتانەخەفە کراون وشوێن بزرکراون.ئەشێ ئەگەر ئەم چیرۆکەی منیش لەڕێگای ئەم کوڕەوە نەنوسرابایەوە وەکو سەرجەم بەسەرهاتەکانی تر خەفەبکراباو کەس نەی بیستایە.بەڵام دڵنیابن من هەرگیز بەم چیرۆکە کۆتایی بەتۆڵەی خۆم ناهێنم.تەنها ئەوەندەم لەخودا ئەوێ مۆڵەتم بداتێ تاکو گەورە دەبم.ئەوسایان تۆڵەی خۆم لەتەواوی ئەم کۆمەڵگایە دەکەمەوە کەجۆرەمرۆڤی وای بەرهەم هێناوە,یان مردنێکی شەرەف مەندانە دەمرم..